# داهاتی نەوت و نانەوتی خەرجییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەنیوەی دووەمی ساڵدا پڕدەکاتەوە؟

30-07-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** راستە هەڵەی داخڵکردنی ژمارەکانە، بەڵام باس لە راپۆرتێک دەکەین کە دوای دوو بۆ سێ مانگ بڵاوکراوەتەوە و هەڵەی سفرێکی کەم یان زیاد بەواتای گۆڕینی هەزار بۆ ملیۆن دێت. دوای رێکخستنەوەی داتاکان ئەوەی تێبینی کرا ئەوەبوو کە هەڵە لە داتاکانی مانگی نیسان 2025 دا هەبووە کە هەمان ژمارەکانی مانگی ئاداری 2025 بۆ داهاتەکان داناوەتەوە و لەمانگی ئایار 2025دا هەمووی پێکەوە دانراوە. ئەوەی لە راستکردنەوەی ژمارەکان سەرنجت رادەکێشیت کەمبوونەوەی داهاتە لەماوەی ئەم پێنج مانگەدا جا چ داهاتی نەوتی بێت یان نانەوتی.

# بەرایی

لە رۆژانی رابردوودا وەزارەتی دارایی عێراق راپۆرتی مانگی ئایاری بۆ کۆی خەرجی و داهاتەکان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لە راپۆرتەکان و لە ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتەکەدا ژمارەکانی داهاتی نەوتی لەو مانگەدا بە بەراورد بە مانگی پێش خۆی دوو هێندە زیادی کردووە.

راستە هەڵەی داخڵکردنی ژمارەکانە، بەڵام باس لە راپۆرتێک دەکەین دوای دوو بۆ سێ مانگ بڵاوکراوەتەوە و هەڵەی سفرێکی کەم یان زیاد بە واتای گۆڕینی هەزار بۆ ملیۆن دێت، دوای رێکخستنەوەی داتاکان ئەوەی تێبینی کرا هەڵە لە داتاکانی مانگی نیسانی 2025 دا هەبووە کە هەمان ژمارەکانی مانگی ئاداری 2025 بۆ داهاتەکان دانرابووەوە، لەمانگی ئایار 2025 دا هەمووی پێکەوە دانراوە، ئەوەی لە راستکردنەوەی ژمارەکان سەرنج رادەکێشێت کەمبوونەوەی داهاتە لەماوەی ئەم پێنج مانگەدا چ داهاتی نەوتی بێت یان نانەوتی.

بەپێی پێشبینییەکانی جەی پی مۆرگان و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە و ئۆپێک، نرخی نەوت لە ئەمساڵ دا لەنێوان 60 بۆ 70 دۆلار دەبێ، ئەوە لەکاتێکدایە سندووقی نەختینەیی نێودەوڵەتی لە راپۆرتی ئاسۆی ئابووری وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا ئاماژە بەوە دەکات بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق پێویستە نرخی نەوت 80 دۆلار بێت تاوەکو بتوانێت بودجەکەی خەرجبکات، بۆیەش ئەم ساڵ چاوەڕوان دەکرێت کورتهێنان لەساڵی رابردوو زیاتر بێت و جیاوازیی نێوان داهات و خەرجی گەورەتر بێت.

بڕیاربوو حکومەتی عێراق داهات و خەرجی بەپێی بودجە سێ ساڵییەکە 2023-2025 بێت، ساڵانەش خشتەی نوێی داهات و خەرجییەکان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ئامادە بکرێت و پەرلەمان پەسندی بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا خشتەی بودجەی 2025 رەوانەی پەرلەمان نەکراوە، راستیەکەشی ئەوەیە خشتەش هەبێت، ئەوا ژمارەکانی خشتەکان و خشتەی داهات و خەرجییەکان شتێکی دیکەیە وەکو لە دوو ساڵی رابردوودا بینراوە.

ساڵی رابردوو و پێشتریش، جیاوازی گەورە لەنێوان وەزارەتی نەوت ، وەزارەتی دارایی بۆ ژمارەکانی داهاتی نەوت هەبوو، بۆیە بڕیاردرا وەزارەتی نەوت تەنیا بڕی نەوتی هەناردەکراو بڵاوبکاتەوە و داهاتەکەی بڵاونەکاتەوە، بەڵام لە ئاداری ئەمساڵەوە دووبارە وەزارەتی نەوت لەبەیاننامەکانیدا داهاتیش ئاشکرا دەکات، کە ئەمەش جارێکی دیکە فایلی جیاوازی داتاکانی داهات بەتایبەتیش نەوت دێنێتە ئاراوە.


ئێستا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئایا داهاتی نەوت دەتوانێت خەرجی عێراق و هەرێمی کوردستان لەنیوەی دووەمی ئەمساڵ پڕبکاتەوە یان نا؟ داهاتی نانەوتی مانگانەی عێراق خۆی چەندە لەکاتێکدا داوادەکات هەرێمی کوردستان مانگانە 240 ملیار داهاتی نانەوتی هەبێت؟

## جیاوازی داهات و خەرجییەکانی عێراق لەنیوەی یەکەم و دووەمی ساڵ دا

بەگشتی خەرجییەکانی نیوەی یەکەمی ئەم ساڵ زیاتر بەکارخستنە و کەمە، بەڵام لە نیوەی دووەمدا خەرجییەکانی وەبەرهێنان و پرۆژەکان و زیادبوونی نوێی بەکارخستنیشی دێتەسەر، بۆیە ئەوەی لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لە عێراق داهات و خەرجییەکان وەکو یەک بووە، بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە نەک رێکخستنەوەی خەرجی بەهۆی کەمبوونی داهات و دابەزینی نرخی نەوت، بۆ نموونە ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان مانگی یەک و مانگی 12ـی هەمان ساڵ بکەین زیاتر ئەم پرسە روون دەبێتەوە، لە داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق هاتووە کۆی خەرجییەکان لە مانگی یەکی 2024 دا 8.7 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام لە مانگی 12ـی هەمان ساڵ کۆی خەرجییەکان گەشتووەتە 14 تریلیۆن دینار، واتە بەرێژەی 40٪ زیادیکردووە.

لەماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، بەپێی وەزارەتی دارایی کۆی گشتیی خەرجییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ مووچە لە عێراق 46.9 تریلیۆن دینار بووە، لەکاتێکدا کۆی داهاتەکان 46.1 تریلیۆن دینار بووە، واتە لەو ماوەیەدا نزیکەی 800 ملیار دینار کورتهێنان هەبووە، وەکو لەخوارەوە روونکراوەتەوە

گرافیک 01 : کۆی گشتی داهات و خەرجییەکان لە پێنج مانگی یەکەمی 2025 دا


کۆی گشتی داهاتەکان
کۆی گشتی خەرجییەکان
12,000,000,000,000
10,000,000,000,000
8,000,000,000,000
6,000,000,000,000
4,000,000,000,000
2,000,000,000,000
0
9,075,570,044,047
8,040,323,619,836
9,386,873,021,761
8,891,798,211,915
10,172,063,996,556
9,821,567,554,957
9,857,681,793,820
9,492,420,140,180
9,347,403,851,995
9,050,664,418,387
مانگی 1
مانگی 2
مانگی 3
مانگی 4
مانگی 5
Values
کۆی گشتی داهاتەکان
کۆی گشتی خەرجییەکان
مانگەکان

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی عێراق، ڕۆژی 28ی تەمموز 2025 زانیارییەکان وەرگیراوە


# داهاتی نەوت و دابەشکردنەوەی مانگانەی لە عێراق

دیوێکی دیکەی داهات و خەرجییەکان لە عێراق نزمی یان کەمی داهاتی نانەوتی و پارەی خەرجکراوی وەبەرهێنانە لە عێراق، داهاتی نانەوتی لەماوەی پێنج مانگی یەکەمی 2025 دا گەیشتووەتە 4.2 تریلیۆن دینار و داهاتی نەوتییەکەی 41.9 تریلیۆن دینار بووە، هەروەها لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا کۆی خەرجیی وەبەرهێنان لە عێراق بەبێ هەرێمی کوردستان 3 تریلیۆن دینار بووە، واتە لەو 46.9 تریلیۆن دینارەی خەرجکراوە ڕێژەی 6.4% بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان و ژێرخان ڕۆشتووە 93.6% بۆ خەرجی بەکارخستن بووە.

ئەم جیاوازییەی لە گرافیکی خوارەوەدا بەروونی دەردەکەوێت داهاتی نانەوتی و خەرجی وەبەرهێنان نزیکە لە خانەی سفرەکان و داهاتی نەوتی و خەرجی بەکارخستن نزیکە لەخانەی دەیان تریلیۆن دینار، ئەمەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی ئابووری عێراق نەک ئابووریەکی کرێخۆرییە بەڵکو ئابوورییەکی وابەستەی دابەشکردنی مانگانەی سامانی نەوتە بەسەر کارمەندانی دەوڵەت بەجیاوازییەکی زۆر گەورەوە، بۆ نموونە کۆی ژمارەی فەرمانبەرانی پەرلەمانی عێراق 2216 کەسن، کەچی 229 ملیار دینار بۆ مووچە بۆ خەرجکراوە، لە بەرامبەردا کۆی فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتووکاڵ 19 هەزار و 992 فەرمانبەرە واتە دە هێندەی پەرلەمانە بەڵام 72 ملیار دیناری بۆ خەرجکراوە!

وەزارەتی نەوت کە شادەماری ئابووری عێراقە و ڕێژەی 91٪ داهاتی دەوڵەتی لێوە دابیندەکرێت، کۆی فەرمانبەرانی 2 هەزار و 25 کەس و لەماوەی پێنج مانگ دا بۆ مووچە 11 ملیار دینار بۆ خەرجکراوە، کەچی ژمارەی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق نیوەی وەزارەتی نەوتە و 1117 فەرمانبەرە ،بڕی 17.5 ملیار دینار بۆ خەرجکراوە.، واتە 6.5 ملیار دینار زیاتر  لە وەزارەتی نەوت و 4 ملیار دینار زیاتر لە وەزارەتی پیشەسازی وەک لە داتاکان دەردەکەوێت.

گرافیک 02: خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان لەگەڵ داهاتی نەوت و نانەوتی لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا.



سەرچاوە: وەزارەتی دارایی عێراق، رۆژی 28ی تەمموز 2025 زانیارییەکان وەرگیراوە

## داهاتی نانەوتی لە عێراق و 120 ملیارەکەی هەرێمی کوردستان

لەماوەی پێنج مانگی رابردوو دا کۆی داهاتی نانەوتی عێراق 4.22 تریلیۆن دینار بووە، لەکاتێکدا لەساڵی رابردوو بۆ هەمان ماوە 6.24 تریلیۆن دینار بووە، واتە ئەمساڵ لەو پێنج مانگەدا بەرێژەی 33٪ کەمیکردووە و زۆرترین کەمکردنیش لە دەروازەکانەوە بووە لە پێنج مانگی 2024 دا داهاتی داخڵکردنی کاڵاکان 1.27 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام لە 2025 دا تەنیا 574 ملیار دینار بووە.

خاڵێکی دیکە، ئەگەر بەتێکڕا داهاتی نانەوتی کە دەروازەکان و باج و رسومات دەگرێتەوە وەربگرین، لە عێراق مانگانە نزیکەی 840 ملیار بووە لە ئەمساڵدا، لەکاتێکدا بەپێی دوایین رێککەوتنی هەولێر و بەغدا پێویستە هەرێمی کوردستان داهاتی نانەوتییەکەی مانگانە سەروو 240 ملیار بێت، ئەمەش بەنزیکەی واتە یەک لەسەر سێ کۆی داهاتی نانەوتی لە عێراق دا بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

راستە لە رێککەوتنەکەی هەولێر و بەغدا ،حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندکراوە مانگانە بڕی 120 ملیار دینار مانگانە بداتە عێراق، بەپێی دەستوور نیوەی داهاتی بووە ،بەڵام ئایا مانگانە هەرێمی کوردستان 240 ملیار داهاتی نانەوتی دەبێت؟ هەرچەندە داتاکان بەردەست نین، بەڵام ئەگەر ورد ببینەوە ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە پابەندیەکی جێگیر لەرێککەوتنەکەدا هاتووە هەڵەیە، چونکە داهات مانگ بە مانگ دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەسنووری سلێمانی لەمانگی حوزەیراندا 62 ملیار دینار بووە ، لەم مانگەدا 128 ملیار دینار بووە و لەساڵێکدا 900 ملیار دینار بووە.

## کۆتایی

ئەگەر خەرجییەکانی عێراق لەنیوەی دووەمی ئەمساڵدا وەکو ساڵی رابردوو بێت کە 150 تریلیۆن دینار بووە، بەدڵنیاییەوە جیاوازی خەرجی و داهات لە ئەمساڵدا دەبێتە دوو هێندەی ساڵی رابردوو و دیار نییە بەچی پڕ دەکرێتەوە، چونکە داهاتی نەوتی بە بڕی 10-15 تریلیۆن دینار کەمتر دەکات بەو نرخەی دانراوە و لە ئەمساڵدا مامەڵەی پێوەبکرێت.

ئەمساڵ چاوەڕواندەکرێت نرخی نەوت لە ئاستی 60 دۆلار بێت، واتە کۆی گشتی داهاتی عێراق لە نەوتەوە کەمدەبێتەوە بۆ کەمتر لە 90 ملیار دۆلار یان 117 تریلیۆن دینار ، بەمشێوەیەش 10 بۆ 15 تریلیۆن دینار کەمتر دەبێت لەساڵی رابردوو، هەرچەندە ئەگەری گۆڕانکاری زۆر گەورە هەیە و رۆژانە دێتە ئاراوە لەهەموو رووەکانەوە کە ناسەقامگیری و ناجێگیری لەرووی ئابوورییەوە لە پێشینەیە.

کەمبوونەوەی داهاتی نانەوتی عێراق لە ئەمساڵدا لەکاتێکدایە یەک سیستەم و رێکاری بەکارهێنانی دیجیتاڵی و تەکنەلۆجی گیراوەتەبەر، بەڵام داهاتەکەی بەرێژەی 2 تریلیۆن کەمیکردووە لەجیاتی ئەوەی زیاد بکات، پابەندیی هەرێمی کوردستان بە رادەستکردنی 120 ملیار و هەبوونی مانگانەی 240 ملیار دیناری عێراق نادروستە، چونکە داهاتی خەڵک نەبێت و سێ مانگ مووچە دوابکەوێت توانای کڕینی خەڵکیش کەمدەبێتەوە و داهاتی دەوڵەتیش لەباج و رسومات و کاڵای هاوردەکراوەوە کەم دەبێتەوە.

لەکۆتاییدا جیاوازییەکە ئەگەر بەنیوەی ساڵیش بکەین بۆ خەرجی و داهاتەکان لە عێراق ئەوا لە شەش مانگی یەکەمی 2024 دا کۆی خەرجییەکان 58.2 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵەکەدا گەیشتووەتە 150 تریلیۆن دینار.

پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمساڵ عێراق دەتوانێت بەمشێوەیە بەردەوام بێت یان دەست بۆ بەکارهێنانی یەدەگی وڵات دەبات؟ بژاردەی دووەمیش راگرتنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە کە چەندین بارەیە و دوایین و باشترین بژاردەش رێکخستنەوەی خواست و خەرجییەکان و هەمەچەشنکردنی داهاتە، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین بزانین کامیان روودەدات!